بۆکان لە مێژوودا (١١٤)                    ئەنوەر سوڵتانی

## ساوج - بولاق

لە زنجیرەی شمارە ٥٩ ی ئەم وتارانەدا باسی وتاری Sawdj – Bulak کرا، کە مینۆرسکی لە ئەنسیکلۆپێدیای ئیسلامدا نووسیویەتی.

وا ئێستا ئەم وتارە و چەند وتاری دیکەی هەمان نووسەر کە لە هەمان سەرچاوەدا بڵاو بوونەتەوە، وەرگەڕاونەتە سەر کوردی و لە کتێبێکدا بڵاو بوونەتەوە. وەرگێڕی وتارەکان دوکتۆر نەجاتی عەبدوڵڵایە، کە دەقەکانی لە زمانی فەڕنسییەوە تەرجەمە کردوون ولە کتێبێکدا بە ناوی "بنچینەکانی کورد و چەند وتارێکی کوردناسی" بڵاوی کردوونەتەوە.

وتاری ساوج – بوڵاق (لاپەڕەی ٨٧ تا ١١٣) گەلێک زانیاری جوغرافیایی و مێژوویی و ئابووری ناوچەکەی ئاراستەی خوێنەر کراوە و بۆ نموونە گوتوویەتی: "[کورد]، هەرێمە تورکییەکانی نێوان تەتەهوو و مەراغە ی لە دەست داون - کە جاران سەر بە موکری بوونە." (لاپەڕە ١٠٢).

وتارەکە گەرچی بە تایبەت ناوی بۆکانی کەمتر هێناوە و لە شوێنیکدا گوتوویەتی "گوندی بۆکان" (لاپەڕە ٩٣)،    بە ڵام لە گەلێک شوێندا باسی مەحاڵی بیهی و ئەختاچی و تورجانی کردوە، کە ئەمیان پێشتر سەر بە بۆکان بوو. هەروەها زۆربەی زۆری ئەو زانیارییانەی وا سەبارەت بە سابلاغ و موکریانی داوە، بۆکان و خەڵکی ناوچەکانی دەوروبەری و هەروەها هۆزە سەرەکییەکانی بۆکان (دێبوکری، فەیزوڵڵابەگی، و گەورك) دەگرنەوە. مینۆرسکی سەبارەت بە بۆکان زانیاری شەخسیشی زۆر بوون.

نوو سەر، هەروەها بۆ لایەنی جوغرافیایی و کەونارناسی وتارەکە، کەڵکی لە وتارەکانی راولینسن وەرگرتووە، کە لە زنجیرەی شمارە ١٠٩ ی ئەم وتارانەدا ئاما ژە یەکیان کراوە.

ڤیلادیمیر مینۆرسکی، "بنچینەکانی کورد و چەند وتارێکی کوردناسی" (بەرگی یەکەم)، وەرگێڕانی لە فرانسییەوە بۆ کوردی : د. نەجاتی عەبدوڵڵا، مەکتەبی بیر و هۆشیاری (ی . ن. ك. )، سلێمانی ٢٠٠٧، ٢٧٨ لاپەڕە. ژمارەی ISBN ی نییە.